# کوریژگە

ڤیکتۆر هۆگۆ
وەرگێر: حەسەن ئەیوب زادە

کوریژگەیەکی دوازدەساڵانە لەسەنگەر و پشتی گرەبەردێکی گڵوێهەڵدراوی بە خوێن نەخشاو، ئاکامی شەرێکی نێوان دووبەرەی دەست و دەروونپاك و دەستپیس لەگەڵ پیاوان بەدیل گیرا.
- ئەفسەر روی کردە کوریژگە و تیی‌راخوڕی:
تۆش لەگەڵ ئەمانەی ؟ ها! تۆ!-
- کوریژگە : ئێمە پێکەوەین.
ئەفسەر: تیرباران دەکرێی. لە نۆبەدا بە!
- کوریژگە چاوی بە وڵاتدا گێرا. رووناك ببوو. هاڤاڵەکانی وەبن دیوار کەوتبوون.
- کوریژگە روی کردە ئەفسەر و گوتی: رێگەم دەدەی بچمەوە ماڵێ بۆ لای دایکم و ئەو کاتژمێرەی بۆ ببەم؟
- دەتەوێ ڕاکەی؟
- دەگەڕێمەوە جەناب سەروان!.
- بەرەڵڵای سەرشەقامان ترسیان رێنیشتووە!
- ماڵت لە کوێیە؟
هۆ لەوێ،نزیك ئەو کانیاوە. جەناب سەروان! دەچم ودەگەڕێمەوە.
- گاڵتەچی لێخورە!(برۆ)
- کوریژگە وەرێکەوت.
- کونەدرۆ! سەرباز و ئەفسەرەکە پێی‌پێکەنین و ئەوانەی لەحاڵی مردندابوون گاڵتەیان پێی‌هات.
پێکەنینەکە زۆری نەخایاند.
کوریژگە رەنگ هەڵزڵەپاو کتوپڕ دەرکەوت و هاتەوە.
متمانە بەخۆ و بێ شڵەژان پاڵی دا بە دیوارەوە و روی تێکردن ها!
لێرەم! دەی ئامادەم !